www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 10:19 1-7-2006

زۆر بەڕێز سامان رەشید محەمەد .... .. خالید مەجید فەرەج

لە ژێر سەردێری پەرچە وەڵامێک بۆ نووسەرێکی ترسنۆکی بابەتی بزمارێکی شیوعی، وەڵامێکت بۆ بەندە نووسیوە..
سەرەتا دەست خۆشی خوێندنەوەی بزمارەکەو وەڵامەکەت لێ ئەکەم، چوونکە بەپێی پرینسیپەکانی دیموکراسی، دەبێ گوێ لە رای بەرانبەر بگیرێ، لەوەش زیاتر، من بڕوام وایە کە ئەقڵی ئێمەی کورد ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر پێویستی بە دیالۆک هەیە، نەوەک بە زەبرو زۆنگ، بەڵام ئەگەر ئیجازە بفەرمووی هەندێک بۆ چوونی برایانەم لەسەر وەڵامەکەت هەیە.

1 . ئەفەرمووی نووسەرێکی ترسنۆک، قسەکەت سەد دەرسەد تەواو ئەبوو ئەگەر بەندە بەناوی سیانی خۆیەوە ئیمزای بزمارەکانی نەکردایە، بەڵام هێشتا لێم روون نیە کە بەڕێزتان بەڕاست سامان رەشیدن یان ئەوە ناوێکی خوازراوە.

2 . ئەفەرمووی هەر لە دوورەوەفیشەکە چرووکەکانت دەینێیت.... .. (دیارە مەبەستت بزمارەکانە) . باشە ئەگەر وان ئیتر بۆ بەڕێزتان بێتاقەت بوون؟

3 . کاکە سامان هەموو حیزبە شمولیەکان لەیەک خاڵدا هاوبەشن ئەویش یاساغ کردنی خەون بینینە، کە نەک هەر لەمافە سەرەتاییەکانی ئینسانە، بەڵکو لەڕووی قانونیشەوە خەون بینەر بەر پرسیار نیە لە خەوێک با خراپیش بێ، لەبەر هیچ نا لە بەر ئەوەی لەشیرین خەوایەو بە بێ ئاگایی ئەیبینێ. ئەگەر بتەوێ موحاکەمەم بکەی لەسەر ئەو خەونە تەنها قانوونەکەی ڕێزدار فیدل کاسترۆ ماوە کە تائێستاش خەونەکانی کوباییەکان ئەم دیو دیو ئەکا، نەبادا لە قازانجی ئیمپریالیست بێ، دەنا ئەگەر یەک سیستمی سیاسی وەیان بیرو باوەڕێک هەبێ و نەختێک لەبەشەر بچێ، پێی شوورەییە لەسەر خەون بینین، دار لە هاو وڵاتی هەڵگرێ.

4 . ئەفەرمووی بەندە وڵاتی بەجێهێشتووەو ئێوەش لەشارە حەیاتەکەن رۆژنامەکانی ئەوێ باس لە گەندەڵی تەنها دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە ئەکەن، و نەت دیوە باسی حیزبی کومونیست بکەن، ئەگەر وابێ هەتا ئەم دەقەیە خۆشی لە خۆت لەم دەقەیەش بەدواوە، خۆشی لە ئێمەی نا پێشکەوتوخواز، چوونکە ئەوا باسەکانی ئەوانیش ووردە ووردە هاتنە ناو ڕۆژنامەکان.

5 . تائێستا نزیکەی سەد بزمارم نووسیوە، تەنها یەکێکیان لەسەر حیزبی شیوعی سۆماڵە ئەوانی تر، ئەگەر نەڵێم هەموویان، زۆربەیان لەسەر دەسەڵاتی کوردەواریە کە ئەو دوو حیزبە رابەرایەتی ئەکەن، و بەڕێزت ئەفەرمووی بەندە سەر بەیەکێکیانە و سەد دەر سەدیش بە گەندەڵیان دا ئەنێی، بەڵام نەم بینی و نەم دی یەکێکیان رۆژێک بەو شێوەیەی هاوڕێیانی سۆماڵ ئامبازم بێ، خۆزگە بەڕێزیشت حیزبەکەی خۆت لێ نەدەبوو بە مەلائیکەت، و ئەگەر خۆشت جورئەتی ئەوەت تیا نیە رەخنەیان لێبگری، وازت لەو عالەمە دەهێنا نەختێکیش باسی ئەوان بکەن.

6 . ئەفەرمووی حیزبی شیوعی سۆمال وەڵامت نادەنەوە، و ئەشڵێی سەر بەو حیزبە نیم، ئەی خۆ لەدڵێ ئەوانا نیت، ئەم مەعلوماتە ووردەت لە کوێندەرێ هێناو چۆن ئەزانی بڕیاریان داوە وەڵامم نەدەنەوە؟

7 . من باسی حیزبی شیوعی سۆماڵم کردووە و بەڕێزت کەهەزاران کیلومەتر لەوانەوە دووریت تورەبوویت، و بردوتەسەر حیزبەکەی عیراق، کەواتە بە پێچەوانەی بۆ چوونەکەی جەنابتانەوەیە، من ئەگەر ترسنۆک بوومایە خەوێکم کەلە سۆماڵ بینیووە لای بەڕێزتان بەو جۆرە رەنگی نەئەدایەوە و سەردێری وەڵامەکەت نەختێک شارستانی تر دەبوو بە ترسنۆک دەستی پێ نەدەکرد.

8 . لە گەڵ تەواوی رێزم بۆ هەموو حیزب وچالاکیە سیاسیەکانی کوردستان بەترکید بەحیزبەکەی ئێوەشەوە، بەندە پێی وایە ئەگەر میدیای ئەلکترونی تا ئێستا هیچی لە کوردستان نەگۆڕیبێ ئەوەندە بەسە کە ئەو ڕاستیەی ئاشکرا کردووە، هیچ ئایدولوجیایەک ئەگەر مارکسی بێت، یاخود نەتەوەیی، وەیان ئاینی، خاوەنی حەقیقەتی موتلەق نیەو بیرو باوەڕو کارەکانی وسەرکردەکانی، قابیلی رەخنە لێگرتن و موناقەشەن.

****

لە ووتە بەنرخەکانی کۆمونیستی فۆلکلوری فیدل کاسترۆ: ((کوشتنی زەرقاوی لەلایەن فرۆکە ئەمەریکیەکانەوە کارێکی وەحشەت گەری و نائینسانیە))